

لەنیا ئیبراهیم

**حەمە و هەورەکان**

حەمە کوڕێکی جوانی ڕەوشت باشە حەمە زۆر حەزی دەکرد بچێت بۆ سەر هەورەکان هەمیشە پرسیاری لە دەوروبەری دەکرد دەی گوت ئایا چی هەیە لەسەر هەورەکان خەڵکیش وەک ئەو نەچوبوونە سەر هەورەکان تا بزانن چی هەیە لەسەر هەورەکان.

حەمە هەمیشە سەیری ئاسمانی دەکرد و دەی گوت ئەی خوایە من چۆن بچمە سەر هەورەکان شەوێکیان حەمە لە ژورەکەی هاتەدەرەوە کە سەیری خۆی کرد باڵی لێ ڕواوە حەمە زۆر دڵۆش بوو کاتی ئەوە هاتبوو بچێ بۆ سەر هەورەکان یەکسەر لەخەو هەڵدەستێتو دەڵێ: ئەی خۆ ئەوە خەون بوو بەڵام کە سەیری خۆی دەکات دەبینێت باڵێکی سپی جوانی لێ ڕواوە حەمە سەری لەمەدا سوڕمابوو! بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا دڵ خۆش بوو چونکە دەی توانی ئاواتەکەی بهێنێتە دی و بچێتە سەر هەورەکان حەمە کە چو بۆ سەر هەورەکان یەکەمجار هیچی نەدی بەڵام کە ورد بۆوە لە نهێنی هەورەکان تێگەیشت کە بە هۆی ساردی هەوا و یەکگرتنیان باران بەسەر خەڵکی شارەکەیان دەبارێت و حەمە لەسەر هەورەکان هاتە خوارەوە و باڵەکانی نەما بۆیە حەمە نهێنی هەورەکانی زانی ئیتر حەمە هیچ کێشەیەکی نەما و باسی سەر هەوری بۆ خەڵک دەکرد.

ڕانیە 2009

پرسیار:  ئایا تۆ بیردەکەیتەوە ؟
وەڵام / بەڵێ بێگومان هەموو کەسێک بیر دەکاتەوە و زۆرجاریش هەڵە لە کارەکانمان دەکەین بەهۆی ئەوەی سەرەتا بیری لێناکەینەوە.
بیر لە چی دەکەیتەوە؟
ئێمەی مرۆڤ بەردەوام بیردەکەینەوە لە ڕوودا و شتەکانی دەور و بەرمان گەر خراپ بێت چارەسەری بۆ دەدۆزینەوە بۆ بەردەوام بونی ژیان و مرۆڤایەتی و بیرکردنەوەی مرۆڤێک بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازە.
نموونە 1 / هەندێک مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن ماڵی یەکێکی تر بخوات و ئازاری بدات!
نموونە 2 / هەندێک مرۆڤیش یاخود زۆرینەی خەڵکی بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن دڵی یەکێک خۆشکا یاخود داهێنانێک بکات!
وە منیش وەکو لەنیا بەردەوام شی کردنەوە بۆ شتەکانی دەورو بەرم دەکەم بۆیە ناتوانم حوکم بەسەر خۆمدا بکەم ئایا بیر لەچی دەکەمەوە؟!

ڕانیە
2010/4/8

پرسیار: لە کوێوە هاتویت؟
وەڵام: لەو زەویەدا چۆن ئەو هەموو زیندەوەرە هەیە منیش هەم. هەست دەکەم دایکم و باوکم منیان دروست کردووە، بەڵام باوەڕیشم وایە هەموو ئەو شتانەی هەنە هێزێک دروستی کردوون  ئەویش (خوایە)

پرسیار: بۆچی هایویت؟
وەڵام: بۆ ئەوە هاتووم کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکەم و لە ئایندەدا ببم بە کەسێکی باش!

پرسیار: بۆکوێ دەچی؟
وەڵام: باوەڕم بەوە هەیە کە ڕۆژێک دادێت دنیا بەجێ دەهێڵم، بەڵام ئەگەر کەسێکی باشبم ئەوا لەو دونیای کەش ئاسوودە دەبم.
ڕانیە
2009